www.kurdistannet.org
5-3-2003 18:01

## بۆ ٨ى مارسى ئەمساڵ ئەم چەند درێرەم دياري‌يە

# ژن. . خواى سەر زەوى

ئيدريس شەيداهۆ

*ئەگەر هێندە گەورە نەبا ژن*
*مەسيح لەيەكێك زياترى بۆ كورەكانى خۆى حەڵاڵ نەدەكرد*
*ئەگەر هێندە جوان نەبا كچ،*
*شاعيرانى دنيا بەتريفەى مانگو تروسكەى ئەستێرەيان نەدەشوبهاند. .*
*ئەگەر ژن خوداى سەر زەوى نەبا*
*بەهەشت لەژێر پێيدا نەدەبوو. . !*
*ئەگەر هەموو گيانى لەززەتو نهێنى نەبا*
*(محەمەد) چەند سورەتێكى بۆ نەدەكردنە ديارىو*
*دە دوانزەيەكى نەدەهێنا. . !*
*ئەگەر كچ خواى عەشقو جوانى نەبا*
*نە (مەم) خۆى دەكوشتو نە (فەرهاد) كێوى دەدرى*
*نە (كيلۆپاترا) و نە (رۆميۆ جولێت)*
*ناويان نەدەبوو بەنەستەلەو بنێشت. . !*

★ ★ ★

*لەوڵاتێكى برسى دا*
*جووتێ سەموونى گەرمو برژاو بەدينارێ، گرانە*
*سڵاوى كچێكى سەرشێت، بەسەد دينار، هەرزانە*
*بەخاترى چاوكەژاڵێك، چەند قاتيلێك ئازاد دەبن*
*چەند كۆڵانێك قيرتاو دەكرێ. .*
*لەنيشتمانێكدا كە (كات) زۆر كەمە،*
*بەخاترى سكرتێرەيەكى چاو خومار*
*رۆژێك دەكرێ بەپشووى رەسمى*

*کەچی پیاو هێندە گەمژەیە*

*هێشا نازانێ چەند گەورەیە ژن. . !*

★ ★ ★

*ئەگەر ژن هێندە گەورە نەبا*

*شۆڕشێکمان لەسەر (ناوگەڵی) دانەدەنا*

*قارەمانەکانی دوێنێ، ئەمڕۆ هێندە ترسنۆك نەدەبوون. . !*

*ناوچەیەکی نیشتمانیان نەدەگۆڕییەوە بەناوچەیەکی لەشی ژن. . !*

★ ★ ★

*گێلن ئەوانەی دەڵێن (بچووکە ژن)*

*ئەی ئەگەر ژن نەبا*

*ئەم وڵاتە بۆچی پڕ دەبوو لەماستاو چی. . !*

★ ★ ★

*ئەگەر ژن نەبا، لەم ئازادی‌یەدا*

*مەسئولەکان بەچی مەشغول بان!؟*

*دەوڵەمەند پارە بەچی سەرف کا*

*کێ ببا بەسکرتێرە. . !*

*کێ لاف بەسەر ئەم‌و ئەو لێ بدا!!*

★ ★ ★

*هەقە هەرچی مەسئولە سەردانەوێنێ*

*بۆ بابوجەکەی، ژنە کۆنەکەی*

*یان کچۆڵەکەی ئێستای بەردەمی*

*چونکە جوانترین سەیارەی خۆیان*

*کەرەنجی هەموو تێکۆشان‌و دزی خۆیانە*

*ناویان لێ ناوە (لەیلا عەلەوی) . . !*

کوردستان نێت www.kurdistannet.org